چی ئەوان دەترسێنێت وتووشی ناڕەحەتیان دەکات؟ کاتێک کە ئەو ئایەتانە دەبیستن کە ڕوونە قبوڵی دەکەن، بەڵام کاتێک ئەو ئایەتانە دەبیستن کە گومانیان هەیە لە تێگەیشتن لێی تووشی تیاچوون دەبن

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پیاوێکی بینی تووشی شڵەژان وترس بوو کاتێک فەرموودەیەکی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ی بیست دەربارەی سیفاتەکانی خوای گەورە، و(ئیبن عەباس) ووتی: «چی ئەوان دەترسێنێت وتووشی ناڕەحەتیان دەکات؟ کاتێک کە ئەو ئایەتانە دەبیستن کە ڕوونە قبوڵی دەکەن (کاتێک ئایەت وفەرموودەی -محکم- دەبیستن قبوڵی دەکەن)، بەڵام کاتێک ئەو ئایەتانە دەبیستن کە گومانیان هەیە لە تێگەیشتن لێی تووشی تیاچوون دەبن (کاتێک ئایەت وفەرموودەی -متشابە- دەبیستن قبوڵی ناکەن وتیا دەچن)».

[صەحیحە] [ئیبنو ئەبی عاسم گێڕاویەتیەوە - عەبدولرەزاق گێڕاویەتیەوە]

ئیبن عەباس -ڕەزای خوای لێبێت- ئینکاری دەکات لە هەندێک لەو کەسانەی کە لە دانیشتەکانیدا ئامادە دەبوون بەوەی کە تووشی ترس وشڵەژان وئینکار کردن دەبوون کاتێک شتێکیان ببیستایە سەبارەت بە سیفاتەکانی خوای گەورە لە فەرموودەکاندا، بۆیە بە هۆی ئەمەوە ئیمانی واجبیان نەدەهێنا بەو فەرموودانەی کە لە پێغەمبەرەوە هاتووە -صلى الله عليه وسلم-، وماناى ئەم سیفەتانە دەزانن وئاشکرایە لە قورئاندا وئەمەش هەقە وهیچ ئیمانداڕێک ئینکاری لێناکات، وهەندێک کەس واتاکەی دەگۆڕن بە واتایەک دوور لەوەی کە خوای گەورە دەیەوێت؛ بۆیە بە هۆی ئەمەوە تووشی تیاچوون دەبن.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3376